
## سەرۆكی حكومەتی هەرێم و سەرۆک كۆماری عێراق،وەڵامی (مستۆ)یان دایەوەو هەباسی بایزی باڵویان بەدەستی خۆیان ڕادەستی دادگای تاوانەكان كرد!

ئەمیر قادر
hangau@gamail.com



داواكەی مستەفای حەسەنەگەورەلەچەند نامەدا كەئاڕاستەی سەرۆكی هەرێم و پەرلەمانی كوردستان و سەرۆک كۆماری عێراقی كردووە لەسەرەتای ئۆكتۆبەرەوە تا ئەمرۆ لەسایتی دەنگەكان وهەفتەنامەی هاوڵاتیدا زۆربە بینیوتانە،مستەفا وێرای براوكەس شەهیدبوونی لەلایەن كۆنەجاش و ئیستخباراتێكی وەک هەباسی بایزەوە،بەوەپەڕی شێوازێكی بەرزو دیموكراتی داوای لەلایەنە بەرپرسەكان كردووە كە چیتر پەنای تاوانبارێكی وانەدەن و لێگەڕێن باعەدالەت و دادگا ڕەش و سپی شتەكان لێک جیاباكاتەوە،دواتر مستەفا لە ئەوروپاوە دەچێتەوەو بەرەسمی لەدادگای سلێمانی شكات تۆماردەكات،لەداگا دەردەكەوێت كەزیاتر لە 5 ساڵە تاوانبار داوای لەسەرتۆماركراوە لەلایەن كۆمەڵێک كەسوكاری قوربانی ترەوە و هەباس ئەوە چەندساڵە لەدەستی دادگاخۆی شاردۆتەوەو لەلانەكەی خۆیدا لەهەولێرپاڵی لێداوەتەوەو لەژێر سایەی باڵەكەی تری حكومەتی یەكگرتووی هەولێردا دیوەخانانەی خۆی وەردەگرێت و بەپێی گفتو گۆیەک كەلەهەفتەنامەی میدیادالەگەڵیدا كردویانە و بەوەپەڕی باوەڕ بەخۆبوونەوە بەرگری لەتاوانەكانی خۆی دەكات،خۆی هێندە بەگوێ لەمستی سەرۆک هەرێم دەزانێت دەڵێت ئەگەر ئەو بڵێ بڕۆبۆداگا من دەڕۆم......!

من نایەمە سەر تاوانەكانی هەباسی بایز،هەركەس بەسەردانیش لەساڵانی هەشتاكاندا سەردانی بیتوێن و پشدەری كردبێت ناوی ئەم پیاوەی بیستووە كە چ كارێكی بۆ بەعس و دواتر بۆ دەوڵەتی ئێران و توركیاوكردووە،لەشەڕی ناوخۆدا دەوری بووەوقەڵادزێ بەنەخشەو دەستی ئەو تۆپبارانكراوە،هاوكاری دەوڵەتی ئێرانبووە،،،،،هتد،



هەباسی بایزی باڵو-میدیا-ژمارە-263

شتێک کەدەمەوێت چەند قسەی حسابی لەسەربکەم،دەوری یەکێتی و پارتیە لەپەنادانی هەزاران خوێن ڕێژو تاوانکار و کۆنەجاش و موستەشارو مخابەرات و چەندین جرۆجانەوەریتر کەدەستیان بەخوێنی خەڵکانی تێکۆشەرو بێتاوان سوورە،خالیدی خولەسوور لەچەند هەفتە لەمەوپێش لەیەکێک لە هەفتەنامەکان لە پەنای دەسەڵاتی یەکێتیەوە،وەک پاشاو خاوەن ماف خۆی ناساندبوو،هەباسیش بەهەمان شێوە لەپەنای دەستی پارتیەوە خۆی کردووە بەقارەمانی عەیارە 24 ،لەکاتی نارەزایەتیەکانی خەڵک و بڕێک لەپەرلەمانتارانی کوردستان و بەرزبوونەوەی هاوارو نارەزایەتی کەس وکاری قوربانیەکان و ناوەندی ڕۆشەنبیری و کەسانی ئازادیخوازدا،یەکێتی و پارتی هەمان سیناریۆیان گێرا هەریەکەی هەندێک چەواشەکاریان کردو هەندێک لەوتاوانباروخاوەن مەلەف و جاشانەیان کرد بەباش! ، دەسەڵاتی ئەم دوو حیزبە لەسەرەتای ڕاپەڕینی کوردستانەوە لەبەهاری 1991 وە تائەمڕۆ،لەلێبوردنی گشتیانەوە تاپەنادان و تێپەڕاندنی شێخ جەعفەرەکانەوە.دزەگەورەکانی حکومەتی عێراقی کە لەدەست یاساهەڵدێن و لە شیراتۆنەکاندا خزمەت دەکرێن و پەنا دەدرێن،شەفاعەت کردن بۆ تاوانبارانی وەک نەزار خەزرەجی و وەفیق سامەڕایی،دەست گرتنی ڕژێمی تورکیاو ئێران و دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ لێدان وتیرۆرکردن و کەم هێزکردنی هێزەکانی تری پارچەکانی کوردستان، ئەم چەند شتە تەنها نموونەی خەراری گەورەی دەسەڵاتدارانی کوردن،دەسەڵاتێک بە قسەی خۆی و بە بەرچاوی خەڵکی کوردستان و دونیای دەرەوەش لە سەر خوێنی پێشمەرگەو لیستی گەورەو گرانی کەسانی لەسێدارەدراوو ئەنفال دا بنیات نراوە، بەڵام لە 15 ساڵی تەمەنی خۆیدا بەهانگاوی خێرا بەرەو خانەقاو دیوەخانەکان و تەکیەکان کشاوەو لەگەڵ تاوانباراندا بەینی باشترە تا لەگەڵ قوربانیەکاندا،نموونەی نارەزایەتیە ڕۆژانەکانی قوتابیان فەرمانبەران،نەخۆشخانەکان،ژنان،قەڵادزێ و شوینەکانی تری کوردستان کە لەدەست هەژاری،نەبوونی لانی کەمی خزمەت گوزاریەکانی خەڵکی کوردستان و مۆنۆپۆڵکردن و قۆرخ کردنی هەموو بوارەکانی بەرهەمهێنان و گەشەی کۆمەڵگا(زانکۆکان،کارگەکان،پەیمانگاکان،،،،،) بەڵگەی زیندوون ولەبەرانبەریشدا بوون و بێمنەتبوونی سەدان کۆنە مخابەرات و جاش و پیاو خراپی لەنموونەی هەباس و تاوانبارانی تر بۆخۆیان دەدوێن،کە ئەم دەسەڵاتە لە سەری سەرەوە لەبەرژەوەندی کێدایە ؟،بێ دەنگە لێکردن لەفایل دارەکان و کۆنترۆڵ کردنی ئەم بابەتە ئەم جارەیان لەلایەن مەسعود بارزانیەوە و دەمگرتنی ئەو چەند پەرلەمەنتارانەش کە نایانەوێت بێدەنگ بن،نارەزاییە پەیتا پەیتاکانی خەڵک و کەسوکاری قوربانیەکان و لەو لاشەوە هەرڕۆژە ئاشکرابوونی فایلی تازەتر و خەتەرناکتر بۆ دەسەڵات چ فایلی کۆنی زۆرو زەبەندی دەورانی بەعس یان فایلی دزی و خوێن مژی ئەم دوو هێزە لەسەر سفرەی چۆڵی منداڵانی هەژارو گەنجانی بێ کارو بێ ئاسۆی خەڵکی کوردستان کە نەهەنگەکانی ئیجەو ئەلغامەکانی ڕێگای یۆنان و ژیانی ئاوارەیی بە بە ڕەحمترو ئینسان تر دەزانن تا دەسەڵاتدارانی کوردستان.




گفتوگۆی مستەفای حەسەنە گەورە-هاوڵاتی-ژمارە 299

لەوڵاتێکدا کە ئاوو کارەبا نیە و خزمەت گوزاریەکان لە ڕادەی سفردان هەژاری دەستی ناوەتە بینەقاقای خەڵک،وەعدو قسەکانی دەسەڵاتداران هیچ هەژارێک تێرناکات و فرمێسکی هیچ ژنە ئەنفال و دایکی شەهیدێک ناوەستێنێ،باس لەوە ناکەم کە دەکرێت ئیدیعاکرن بۆ کردنی هەولێرو شێخەڵا و خەبات چۆن ئەکەیت بە دوبەی شاری خەونەکان چ خەونێکی ئەرخەوانین و دەزانم هیچ 13 ساڵ و مێرد منداڵێک بەم قسانە هەڵناخەڵەتێن،لەو لاشەوە ئەوەی کە لەبەرانبەر هەموو ناڕەزایەتی و داواکاریەکانی خەڵکدا خۆتان بە پێشمەرگە و شۆڕش گێڕ دە زانن و ئەمە بەچاوی خەڵکدا دەدەنەوە،سەرۆکی هەرێم لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا وتی کە کەس لەیاسا گەورەتر نیە کام یاسا ئەمە پرسیارێکە؟ و پرسیارێکی یەک لاکەرەوەشە،لەتەنیشت کۆشکەکانی بەرێزتانەوە هەباس ئاغاکان هەر وەک ئاغایان دەژین و گوێ بە داخوازی دادگای سلێمانی و کوردستان نادەن و دەڵێن دەبێت سەرۆک بارزانی ئەمر بفەرموێت! قوربان ئێستا تۆپەکە لەقاچی جەنەبتاندایە سەنگەری ئێمە سەنگەری مستەفای حەسەنە گەورەو دایکی شەهیدان و ئەنفالکراوو کچانی فرۆشراو بە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی و هەموو بێنان و هەژارانی کوردستانە،ئەمر بفەرموون با هەباسەکان،خالیدی خولەسورەکان ئەنوەربەگەکان،خەزرەجیەکان،عومەری حەمە عەلیەکان،شێخ جەعفەرەکان،،،،لەدادگاکاندا تاوانباری و بێ تاوانیان ساغبکرێتەوە،دڵنیابن هیچکەس بەم پەنادانە و بە دواخستنی مافەکانی ڕازینابێت و کەس واز لەمافی خۆی ناهێنێ، دەمی کەسیشتان بۆ داناخرێت و پڕبوون و هەڵچوونی خەڵک قوڵپ دەدات،دوایە کەکات نەماو کار لەکار ترازا نووسەران و ڕۆژنامەکان و خەڵک بەوە تاوانبار مەکەن کەفیشەکی چەکەکانی ئێوەیان دزیوە یان کەسانێک ئەو گولانەیان بە قەولی خۆتان داوەتە بەر تفەنگی خەڵک، قسەی لە چەشنی بێویژدان و ئاژاوەگێڕو منداڵ و پاڵ و هەتیوە شەهیدو قاپشۆڕو،تابوری پێنج و قەڵادزەیی تورەو هەڵەبجەیی تیرۆریست و کەرکوکی کەلەگەرم و سلێمانی بەهیچ ڕازی نەبوو هیچ کەسی پێ ساردنابێتەوە،جامەکە زۆر زۆر پڕە،مستەفاکان،کەسو کاری شەهیدان و ئەنفالکراوو،،،،هتد،هیچکە ناتوانن ئارامبگرن!

بۆ زانیاری زیاتر ..

هاووڵاتی.. ژمارە 299

میدیا..ژماره263
http://www.dengekan.com/doc/2006/10/msto3_29.pdf

2006-12-17